

# شانۆیی بە ڕێکەوت مردنی ئانارشیستێک

## هەونگاونان بەرەو کۆمیدیای ئەکادیمی

**داستان بەرزان**

شانۆیی (بە ڕێکەوت مردنی ئانارشیستێک) نووسینی نووسەری ئیتاڵی، وەرگری خەڵاتی نۆبڵ «داریۆفۆ»یە، وەرگێڕانی (سیروان مەحمود)و نواندنی (پێشڕەو حسێن، شاد شەوکەت، نەهرۆ محەمەد، مەهدی خزر، عەتا حەمەساڵح، نیشتمان عەبدوڵڵ)، دەرهێنانی (زەریا سامی)، ڕۆژانی ٢٥- ٢٠١١/١٢/٢٩ لە هۆڵی ڕۆشنبیری سەعات ٣:٣٠ نمایشکرا.

ئێمە لێرەدا هەندێک لە ڕاو سەرنجی خۆمانی لە بارەوە دەدەین، تاکو ئەم نمایشەش وەک زۆرینەی نمایش و بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکانی ئەم وڵاتە بەبێ قسە و لەسەروەستان تێنەڕێت و نەبێت بە ژێر ئەو قەرەباڵغییە نائاساییەی لە ئێستادا دونیا ئێمەی داگیرکردووە و دەرفەتمان نادات بڕێک ببینین و ببیستین و تێڕابمێنین.

# نووسەری کۆمیدیا کەسێکی بوێرو سنووربەزێنە و پەیوەستی نەریتی باو نییە

**سەرەتا:**

له ڕابردووی ئێمەدا جگە لە هەندێک لەو شانۆییانەی کە لە ساڵانی حەفتاو هەشتاکاندا کراون و دەکرێت بە (کۆمیدیای ئەکادیمی) ناوببرێن، هەمیشە کاتێک وشەی (کۆمیدیا)مان بەر گوێ کەوتووە، کتوپڕ مێشکمان بۆ ئەو جۆرە لە نمایش چووە، کە هیچ مۆرکێکی شانۆی ئەکادیمیی پێوە نییە و گوناهێکی گەورە دەکەین ئەگەر بە کۆمیدیای ئەکادیمی ناویان ببەین، چونکە ئەو جۆرە شانۆییانە لە کۆنتێستی شانۆی بازاڕیدا دەسوڕێنەوە، نەک شانۆی ڕاستەقینە، کە ئامانجی هونەرە بۆ مرۆڤایەتی. مەبەستمان لە (شانۆی بازاڕی) ئەو شانۆیەیە کە دەکرێت بە (شانۆی قەشمەری)ش ناوی بەرین، ئەو جۆرە شانۆییەی کار لەسەر قسەی سەر شەقام و ناو بازاڕو وشەو کرداری نەشیاو و نادروست دەکات، کاری دروستکردنی پێکەنینێکی کاتییە، بێ ئەوەی تێبگات لە کۆمیدیادا پێکەنین ئامرازە نەک ئامانج، کۆمیدیا لە یەک کاتدا دەبێت تووشی پێکەنین و ڕامان و نیگەرانیمان بکات. نووسەری کۆمیدیا کەسێکی بوێرو سنووربەزێنە و پەیوەستی نەریتی باو نییە، دەکرێت ئەوەی لەلای خەڵکی ئاسایی پیرۆزە، لای ئەم ببێتە کەرەستەی تەنز، کاری شانۆی ڕاستەقینەش ئەوەیە تەوتەم و بتە دووبارەکان بشکێنێت، وەک ئەوەی لای تیۆریستی فەرەنسایی بواری شانۆ (ئەنتۆنین ئارتۆ) هەیە و پێی وایە (شانۆ دەبێت چەشنی تاعون جەستەمان داگیر بکات و لەوێوە ناخمان هەڵبکۆڵێت و ماسکە درۆزنانەکانمان پێ داماڵێت، ئیدی لەوێوە یان دەگەینە ئاستی پاکژبوونەوە، یاخود بەهۆی تاعونی شانۆوە لەناودەچین).

**بەئێرەییکردنی دەقێکی ئیتاڵی**

ئاشکرایە خەمی شانۆ خەمێکی گەوردوونییە، ئەوەی شانۆ بانگەشەی بۆ دەکات پێکەوەژیان و گرێدانی ئازارەکانی مرۆڤە لە هەر جێگەیەکی ئەم گۆی زەوییەدا بێت. شانۆ ئیش بۆ کەشفکردنی حەقیقەت دەکات، هەوڵدەدات ئەوەی لە ناوەوەماندا خەفەمان کردووە، دەری بهێنێت و لە ڕێگەیەوە بگاتە پەنهانەکان، ئەگەرچی لێرەو لەوێ نووسەرانی شوێنکەوتەی ئیدیاڵە دژە مرۆییەکان دەرکەوتوون و کاریان بۆ ئەوە کردووە کە شانۆ بکەنە هۆکارێک بۆ بانگەشەی ڕەگەزپەرستی و بیری تەسکی ئاینی و دیکتاتۆرییەت و هتد...، لێ هەر زوو لە ناوچوون و کارەکانیان بەهەند وەرنەگیراون و نەیانتوانیوە لە ڕێگەی شانۆوە بە ئەنجام بگەن، چونکە شانۆ هونەرێکی مرۆڤدۆستانەیەو ناکرێت بکرێتە ئامرازی چەوسانەوەو لەناوبردن و لە قاڵبدات، نموونەشمان بۆ ئەمە ئەو تێکستە گەورە جیهانییانەن، کە بە جۆرێک لە پێناو مرۆڤدا نووسراون، لە هەر شوێنێکی ئەم دونیایەدا نمایش بکرێن، هاوسۆز و هاوخەمی مرۆڤی ئەو شوێنەن. تێکستی شانۆیی (بە ڕێکەوت مردنی ئانارشیستێک) بە جۆرێک پرۆسەی بەئێرەییکردنی تێدا ئەنجامدرابوو، لە کاتی بینینیدا هەستمان نەدەکرد لە بەرامبەر نمایشی تێکستێکی بیانیداین، ئەمە بەو مانایە نییە کە بڵێین: تێکستەکە لە شوناسی خۆی داماڵرابوو، بەڵکو بەو مانایەی مامەڵەی دەرهێنەرو ستافی کارەکە بە جۆرێک بووە، توانیویانە ڕۆحی ئێرە لە کارەکەیاندا بچەسپێنن و لە نێوان ئێرەی کوردستان و ئەوێی ئیتاڵیادا هاوبەشییەک بدۆزنەوە و لە ئەنجامدا بینەر هەست بکات لە بەردەم نمایشێکدایە، هەڵگری خەم و ئازارەکانییەتی، کە ئەمەش خاڵی سەرکەوتنی هەر کارێکی هونەرییە.

لەگەڵ ئەوەشدا بیرۆکەی گشتیی تێکستە لەلایەن (داریۆفۆ)وە دەڵێی بۆ ئێمەی کورد لەم دۆخەی ئێستاماندا نووسراوە، ئەمەش لە دیالۆگێکی کاراکتەری ڕەوانپەرێشدا دەبیسترا کە دەیگوت: ڕەنگە نووسەری ئەم دەقە لەو شوێنەدا کە ئەم تێکستەی نووسیوە

لە ڕابردووی ئێمەدا جگە لە هەندێک لەو شانۆییانەی کە لە ساڵانی حەفتاو هەشتاکاندا کراون و دەکرێت بە (کۆمیدیای ئەکادیمی) ناوببرێن، هەمیشە کاتێک وشەی (کۆمیدیا) مان بەر گوێ کەوتووە، کتوپڕ مێشکمان بۆ ئەو جۆرە لە نمایش چووە، کە هیچ مۆرکێکی شانۆی ئەکادیمیی پێوە نییە و گوناهێکی گەورە دەکەین ئەگەر بە کۆمیدیای ئەکادیمی ناویان ببەین

# شانۆ

هەمان ئەم شتانەی ئێمە ڕوویان دابێت.... ئەمەو چەندین دیالۆگی دیکە وایان کردبوو زیاتر بینەر لە نێو نمایشەکەدا هەست بە خۆی بکات و بەر حەقیقەتی خۆی بکەوێت، ئەگەرچی دڵتەزێنیش بێت.

## هەنگاونان بەرەو کۆمیدیای ئەکادیمی

سەرەتادا باسمان لەوە کرد، جگە لە چەند کارێک کە لە سالانی حەفتاو هەشتاکانی ئێمەدا کراون، ناکرێت بە بەشێکی زۆری ئەو نمایشە کۆمیدیانەی لە پاش ڕاپەڕینەوە کراون بڵێین (کۆمیدیای ئەکادیمی)، چونکە کۆمیدیای ئەکادیمی هەڵگری مانای تایبەت و گوتاری فەلسەفی و دونیابینیی خۆیەتی، کە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە لە یۆنانی کۆن و لەسەر دەستی ئەرستۆفانیس، هۆکارێک بووە بۆ ڕەخنەگرتن لە داب و کولتوورە دزێوییەکان.

لەم کارەشدا دیسانەوە بەر نمایشێک کەوتین کە ڕەخنەی توندی لە یاسا و دەسەڵات و نەریتە باوەکان دەگرت، ڕێساو نەریتە سەپێنراوەکانی دەخستە ژێر پرسیارەوە و بەجۆرێکی گاڵتەئامێز لێیان دەدوا، دوور لە کرداری ناپێویست و نەشیاو کە تەنیا لە پێناو پێکەنیندا بێت، هەروەها لە ڕێگەی کۆمیدیایەکی دڵتەزێنەوە دەیخستینە بەردەم واقیعێک، کە خۆمان تێدا دەبینییەوەو خەممان دەخوارد، کە ئێمەش بەشێکین لە سیستمێکی گاڵتەجاڕ ڕۆژانە لە دامەزراوەو دەزگا جیاوازەکانی ئێمەشدا وەها کۆمیدیایەک دەگوزەرێت.

لێرەدا ئاماژە بە کارێکی دیکە دەکەین، کە لە فێستیڤاڵی شانۆی گەنجان ساڵی ٢٠١٠ لە هۆڵی ڕۆشنبیریی سلێمانی نمایش کرا، ئەویش شانۆیی (بەڵام کۆتاییەکان لە کۆتایی ناچن) لە دەرهێنانی (دلیر ئەحمەد) و نواندنی (ڕەوەند هاوڕێ، ڕێبین سدیق، دیار حەسیب، دڵشاد حسێن، نیان عەبدوڵڵا)بوو، لەو کارەشدا کۆمیدیایەکی جددیمان بینی، کە هیچی کەمتر نەبوو لەو کۆمیدیانەی



**دیمەنێک لە شانۆیی بەڕێکەوت مردنی ئانارشیستێک**

# ئەکتەر هێزی بزوێنەری نمایشەو
# بەبێ بوونی ئەکتەر مەحاڵە کردەی نمایش ڕووبدات

ئەمڕۆ، ئەگەر خۆشمان بینەری ڕاستەخۆیان نەبین، لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەبینین لە وڵاتە جیاوازەکانی ئەم جیهانەدا پێشان دەدرێن و بە کۆمیدیای سەردەم ناوزەند دەکرێن، کە بەداخەوە وەک زۆرینەی کارە جددییەکانی ئەم وڵاتە تێپەڕی و قسەو باسێکی ئەوتۆی لێ نەکرا.

بوونی ئەم نمایشە کۆمیدییە جددیانە وەڵامێکە بۆ ئەو کەسانەی کە بێئاگایانە و ناهۆشیارانە پێیان وایە شانۆی ئەکادیمی ئەو شانۆییەیە کار لەسەر تراژیدیاو دروستکردنی خەم و ئازار دەکات و هیچی دیکە، بێ ئەوەی بزانن شانۆ هەر جۆرێک بێت، کار بۆ هەڵکۆڵینی ناوەوەی مرۆڤ دەکات، لە ئەنجامدا دەیەوێت شتێک لە حەقیقەت بخاتە ڕوو. بەو شانۆییانەشەوە کە کۆمیدین، چونکە دەرنجام هەڵگری هەمان گوتارن، کە تراژیدیایەک دەیەوێت بیڵێت، ئەوەی ئەو دووانە لێک جیادەکاتەوە تایپی بەیانکردنە، نەک گوتار.

## ئەکتەر، لە کاراکتەرێکەوە بۆ کاراکتەرێکی دیکە

گرۆتۆفسکی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە «دەشێت دەستبەرداری سەرجەمی بنەماو ڕەگەزەکانی شانۆ بین، وەک ڕووناکی و مۆسیقاو ماکیاژو جلوبەرگ و دیکۆری شانۆیی، تەنانەت دەکرێت دەسبەرداری شوێنێکی تایبەت بین بۆ نواندن جیا لە شوێنی بینەران، بەڵام ناکرێت شانۆییەک هەبێت بەبێ پەیوەندیی ویژدانی و بەیەکگەیشتنی زیندووی نێوان ئەکتەرو بینەر»، کەواتە لێرەوە تێدەگەین ئەکتەر هێزی بزوێنەری نمایشەو بەبێ بوونی ئەکتەر مەحاڵە کردەی نمایش ڕووبدات، بۆیە گرنگە دەرهێنەر هۆشیار بێت بەرامبەر بە هەڵبژاردنی ئەکتەر و بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، کە خۆشبەختانە دەرهێنەری ئەم شانۆییە بە شێوازێکی گونجاو مامەڵەی لەگەڵ ئەم لایەنەدا کردبوو، لە ڕووی فۆڕمی ئەکتەرەکان بۆ ئەو کاراکتەرانەی لە تێکستەکەدا هەن، ئەوەی دەمێنێتەوە مامەڵەی ئەکتەرە لەگەڵ کاراکتەرەکەیدا، کە ئێمە لێرەدا کەمێکیش لەو لایەنە دەدوێین.

شتێکی گرنگ کە دەبوو دەرهێنەر ڕەچاوی بکردایە ئەوە بوو کە ماوەی کارەکەی کەمێک لەوەی هەبوو کەمتری بکردایەتەوە، بەتایبەتی دیمەنی لێکۆڵینەوەکە، کە برێک بێزاریی لای بینەران دروست دەکرد، ئەوەش پەیوەستە بەوەی بینەری ئێمە ماوەی دەوێت تاوەکو ئاشنا بکرێت بە نمایشی ماوەدرێژ، هەروەها زیادنەکردنی ئەو کاراکتەرەی لە شوێنێکی نمایشدا سینییەک قاوە دەهێنا، کە بووبووە هۆی دروستکردنی دابڕانی چاوی بینەر و شێواندنی ڕیتمی نمایش.

سەرەتا باس لە ئەکتەر (پێشڕەو حسێن) دەکەین وەک کاراکتەری سەرەکی، کە بەرجەستەکاری ڕۆڵی (ڕەوانپەرێش) بوو.

لە ڕابردوودا ئەم ئەکتەرە زیاتر لە جۆری ئەو نمایشانەدا ڕۆڵی گێڕاوە کە تراژیدین و کەمتر بە لای کۆمیدیادا چووە، کە زۆر کات ئەو جۆرە لە ئەکتەر ڕووبەڕووی ڕەخنەی توندی ڕەخنەگران دەبێتەوەو بە ئەکتەری (یەک شێواز) ناوی دەبەن، بۆیە گێڕانی ڕۆڵێکی لەوچەشنە جۆرێکە لە سەرکێشییەکی هونەری، کە ئەم ئەکتەرە پێی هەستاوە. بەتایبەت کاتێک لەو سەرکێشییەدا سەرکەوتووە دەبێت، ئەوا بەرەو داهێنانی دەبات و دەکرێت ناوی بنێین سەرکێشی لە پێناوی داهێناندا.

لەم نمایشەدا هەرچەند لەم ئەکتەرەمان دەنۆڕی، هەستمان دەکرد لە بەرامبەر ئەکتەرێکی ئامادەو هۆشیاردا دانیشتووین، ئامادە بۆ ڕۆڵەکەی، هۆشیار بەرامبەر نواندن، ئەو بە جۆرێک بەئاگاییەوە مامەڵەی لەگەڵ ڕۆڵەکەیدا کردبوو، کەلێن و بۆشاییەکمان نەدەبینی لە نواندنیدا، لە یەک کاتدا لە کاراکتەرێکەوە دەچووە کاراکتەرێکی دیکەوە، بەبێ ئەوەی هیچیان

بوونی ئەم نمایشە کۆمیدییە جددیانە وەڵامێکە بۆ ئەو کەسانەی کە بێئاگایانە و ناهۆشیارانە پێیان وایە شانۆی ئەکادیمی ئەو شانۆییەیە کار لەسەر تراژیدیاو دروستکردنی خەم و ئازار دەکات و هیچی دیکە، بێ ئەوەی بزانن شانۆ هەر جۆرێک بێت، کار بۆ هەڵکۆڵینی ناوەوەی مرۆڤ دەکات، لە ئەنجامدا دەیەوێت شتێک لە حەقیقەت بخاتە ڕوو

لەوەی پێشوو بچێت و بۆ ساتێک لێی تێکەڵبێت، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو جوڵەو هەڵسوکەوت و خووە ورد و تایبەتییانەوە بوو بۆ کاراکتەرەکانی دۆزیبووەوە، کە پێویستییەکی سەرەکیی هەر نواندنێکی ڕیالیتییە.

ئەم ئەکتەرە هەرگیز لە ڕۆڵەکەی دانەدەبڕا، تەنیا ئەو کاتانە نەبێت، کە وەک جۆرێک لە تەکنیک دادەبڕا بۆ ڕوونکردنەوەی مانای وشەیەک لە نێو دیالۆگەکانیدا، ئەمەش لای ئەکتەرەکانی دیکەش وەک تەنکیک بەکارهاتبوو، کە بووبووە هۆی ئەوەی بینەر بە بیستنی وشەیەکی قوس و ئاڵۆز تووشی بەدحاڵیبوون نەبێت و بە هەڵە لە هەندێ ئیدیۆمی زمانەوانی تێنەگات، کە دەبنە هۆی گۆڕینی ئاڕاستەی کارەکە، لە هەمان کاتدا ئەم تەکنیکە یارمەتیدەرێکی گونجاوبوو بۆ ئەوەی بە درێژایی نمایش جۆرێک لە پەیوەندی هەبێت لە نێوان ئەکتەرو بینەردا، ئەوەش سیمایەکی دیاری هونەری هاوچەرخە.

یەکێکی دیکە لەو ئەکتەرانەی بووبووە جێگەی سەرنجی زۆری بینەران و توانیبووی برێکی باش لە پانتایی نمایش داگیر بکات (شاد شەوکەت) بوو، کە ڕۆڵی (پاسەوان) ی دەگێڕا، بە جەستەیەکی گونجاو و دەنگێکی ئامادەوە لەسەر تەختەی شانۆ نواندنی دەکرد، ئەمەش لە ئەنجامی ڕۆچوونی وردی ئەو ئەکتەرەوە هاتبوو بە نێو ڕەهەندە جیاوازەکانی کاراکتەرەکەیداو ساتێکیش بیری نەچووەوە ئەو ڕۆڵی پۆلسێکی پاسەوان دەبینێت و پێویستە وەک پاسەوانێک ڕەفتار بکات، کە بەداخەوە لە زۆر لە ئەکتەرانی بواری شانۆو سینەمای ئێمەدا ئەو دابڕان و بیرچوونەوەیەی کاراکتەر بەدی دەکرێت، هەر ئەم ئەکتەرە لەگەڵ ئەوەی لە چاو هەندێک لە کاراکتەرەکانی دیکەدا دیالۆگی کەمبوو، بەڵام لە ڕێگەی جوڵەی گونجاوەوە توانیبووی مەودایەکی فراوان بۆ جەستەی فەراهەم بکات و لەو ڕێگەیەوە چاوی بینەر بۆ خۆی ڕابکێشێت، ئەو توانیبووی لە ڕێگەی نواندنی خۆیە ئەو وتەیە پشتڕاست بکاتەوە کە دەڵێت: ڕۆڵی گەورەو بچوک نییە، بەڵکو ئەکتەری گەورەو بچوک هەیە.

(نەهرۆ محەمەد)یش کە یەکێکی تر بوو لەو ئەکتەرانەی لەم نمایشەدا ڕۆڵی (سەرۆک)ی دەگێڕا، ئێمە لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە ئەم ئەکتەرەمان لە هەریەک لە شانۆییەکانی (کەڵەگاکان)و (نە.هەنگ)دا بینیوە، ئەو توانیویەتی جێگە دەستی خۆی لە نێو هەریەک لەو کارانەدا دیاری بکات و ببێتە جێگەی سەرنجی بینەران و لیژنەکانی هەڵسەنگاندنی فێستیڤاڵ، ئەم ئەکتەرە لە یەکێک لەو دوو کارەی ڕابردووی و ئەم کارەی ئێستاش قسەی لەسەر دەکەین ڕۆڵی کۆمیدیی گێڕاوە، بۆیە کاتێک لەم نمایشەدا بەری کەوتینەوە، یادەوەریمان بردینییەوە بۆ شانۆیی (کەڵەگاکان)و ڕۆڵی ئەو (پادشا)یەی بە شێوازێکی کۆمیدی لەوێدا دەیگێڕا، کە بە بۆچوونی ئێمە ئەم بارە لایەنێکی نەرێنی ئەم ئەکتەرەیەو ناکرێت لە دوو کاری جیاوازدا هەمان شێواز نواندن بکرێت، دەکرا جیاوازی لە نێوان ئەو دوو ڕۆڵەدا بکردایە و لە ڕێگەی هەڵبژاردنی فۆڕمێکی نوێ بۆ جەستەی و دوورکەوتنەوە لەو جوڵە و ڕۆیشتن و شێوازی دیالۆگ وتنەی کە لە ئەزموونەکانی پێشوویدا بەکاری هێناوە، نواندنێکی نوێی پێشکەش بکردینایە، گونجاویش نییە بۆ ئەکتەرێک لە ڕێگەی چەند ئاماژەیەکی دووبارەوە کە پێشتر لێیمان بینیوە، بیەوێت نواندێکی جیاوازمان لەوانی دیکەی نیشان بدات، چونکە گرنگە کاتێک ئەکتەر لە ڕۆڵێکەوە بەرگی ڕۆڵێکی دیکە دەپۆشێت، بە لەبەرچاوگرتنی کارەکانی پێشووی مامەڵە لەگەڵ ڕۆڵە نوێیەکەیدا بکات و نەهێڵێت خاڵی لێکچوون لە نێوانیاندا هەبێت.

یەکێکی تر لەو ئەکتەرانەی لەم نمایشەدا بەشداربوو (نیشتمان عەبدوڵڵا)بوو، کە ڕۆڵی «ڕۆژنامەنووس»ی دەگێڕا، ئەم ئەکتەرە لە ڕووی جەستەوە گونجاوبوو،

دەكرا بەهەمان شێوە دەنگیشی زیاتر بخاتە خزمەت كاراكتەرەكەیەوە، بەڵام ئەوەی بە ئاسانی هەستی پێ دەكراو لەم نمایشەدا بووبووە جۆرێك لە گرفت، جیاوازیی شێوازی نواندنی ئەم ئەكتەرەبوو لەگەڵ شێوازی نواندنی ئەكتەرەكانی دیكەدا، كە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەم ئەكتەرە لە نواندنی ئەكتەرەكانی بەرامبەری وردنەبووبووەوە، تاكو لەو ڕێگەیەوە شێوازی نواندنی خۆی بدۆزێتەوە، یاخود لە گفتوگۆی وردی تێكستدا ئامادەنەبووە تاكو لە وردەكارییەكانی ڕۆڵەكەی تێبگات، بەڵكو سەربەخۆ نواندنی دەكردو پەیوەندیی لەگەڵ ئەكتەرەكانی تردا دروست نەكردبوو، كە بووبووە هۆی لەدەستدانی هارمۆنییەتی نمایش و هەندێك جاریش زیانگەیاندن بە ڕیتمی نمایش.

**ئەنجام:**

بینینی نمایشی (بە ڕێكەوت مردنی ئانارشیستێك) ئومێدی بەخشییە ئێمە بەوەی هێشتا شانۆیەكی كۆمیدیی جددی ماوە و دەكرێت وەك هەنگاوێكی گرنگ تەماشای بكەین و بە هەوڵێكی باشی بزانین بۆ بونیادنانی شانۆیەكی كۆمیدیی ئەكادیمی، كە وەڵامێك بێت بۆ ئەوانەی بە ناوی كۆمیدیاوە سوكایەتی بە شانۆ دەكەن و بە كارە ناجددییەكانیان دونیای شانۆ لەم هەرێمەدا بەرەوە ئاقارێكی خراپ دەبەن.

**سەرچاوەكان:**


١- شانۆو تاعون، ئەنتۆنین ئارتۆ، و: مستەفا قەسیم، ژمارە (٢) گۆڤاری شانۆ.
٢- ئەكتەر لە شانۆی گرۆتۆفسكی، عبدالرحمن التمیمی، و: شۆڕش محمد حسێن، ژمارە (٥) گۆڤاری شانۆ.
٣-كۆمیدیای ڕەش، حەمەسەعید حەسەن، ماڵپەڕی ڕۆژنامەی هەولێر.
٤-دەسپێكی مێژووی ڕەخنەی شانۆیی، دانا ڕەئوف، ژمارە (٨) گۆڤاری شانۆ.




ستافی شانۆیی بەڕێكەوت مردنی ئانارشیستێك